www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 8:03 11-10-2006

# (ق) قاچاغچی لە پایی چی؟؟؟؟ ... ڕەوەند کەمال

چەند جارێکە لێرەو لەوێ دەبیستم و دەخوێنمەوە کە (قادر قاچاغ) و هەندێ کەسی تر لە دەڤەری بادینان کەوتوونەتە قسەی هەڵبەستراو دوور لە ڕاستی دژی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، ئەوە بوو دواجار لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەی (هاولاتی) گوایە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان چەند ئەندامێکی ناردوە بۆ وولاتی لوبنان کە لە سەنگەری (حزب الله) شەر بکەن دژی (ئیسرائیل) .

من لێرەدا دەمەوێ چەند پرسیارێک لە قادر قاچاغ بکەم.

1-جەنابی قاچاغ لە هەموو کەس باشتر دەزانێ کە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان حزبێکی بێچەک و خەباتی مەدەنیانە دەکاو ئیدعایی بۆ ناکات، چونکە لای هەموولا ئاشکرایە.

2- جەنابی قاچاغ لە هەموو کەس باشتر دەزانێ ئەگەر یەکگرتوو چەکداری هەبایە ئەوا بۆ لە 2005/12/6 بەکاری نەهێنا؟ کە بە سەرپەرشتی جەنابت لەو ڕۆژە 17 بارەگاتان تالان کرد و سوتاندتان و چەندین کەستان شەهید کرد. خۆ چاک دەزانی بەرگری لە خۆ کردن ئەولا ترە لە وەی بەرگری لە خەلکی تر بکەیت.

3-- جەنابی قاچاغ ئەگەر وایە یەکگرتوو چەکداری ڕەوانەی لای (حزب الله) ی شیعە مەزهەب کردبێت ئەی بۆ ڕەوانەی لای (حەماس) ی سونە مەزهەب نەکرد؟خۆ ئەوان ئەولا ترن و نزیکترن لە (ئیسرائیل) .

ئەوەی من بزانم قاچاغ دەیەوێ بەم قسە هەڵبەستراوانە پاڵەپەستۆ بخاتە سەر یەکگرتوو کە دەست لە مافە ڕەواکانی خۆی هەڵبگرێ کە دژی یەکگرتوو کرا لە 2005/12/6 لە بادینان. یان دەردی دڵی خۆیان بە یەکگرتوو دەرکەن بەرامبەر ئەوەی خانوەکانیان لە لوبنان بەڕ هێرشی ئاسمانی ئیسرائیل کەوت، کە بە پارە دزراوەکانی کوردستان کڕیبویان.

من لە کۆتایی دەڵێم دوو دڵ نیم لە دڵسۆزی و حەکیمی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بۆ ئەم خاکە. بۆیە ئەمجارەش ئەو بوختان و درۆیانە دەسەلمێنێ بە بێ ئەوەی ئالۆزیش لە کوردستان دروست بێت، چونکە ئێستا کوردستان بە بارێکی ناسک تێپەر دەبێ و حەقە هەموو لایەک بە چاوی بەرپرسیارەتی هەڵسوکەت بکات.

تو خوا وانیە کاک قاچاغ؟؟